www.kurdistannet.org
8-2-2003 12:53

جیهانی ئەمرۆ، جیهانی میلیتاریزم

رزگار شەیبان
rezgarshaiban@hotmail.com

جیهانی ئەمرۆ هەر میلیتاریزم و مودێرنزمی دەرگا ئاوالّە نییە بەرووی بەکارهێنانی چەك و داگیرکردن و کوشتاری بەکۆمەل و بەرهەمهێنانی چەکەی بەکارترو کاولکارتر. راستە ئەمرۆ هەر لە باکووری گوێ زەوییەوە تا باشوورەکەی، سێبەری جەنگ گرتوویەتی. وە هەر هەموو دەوڵەتانی کاپیتالیزمی جیهان دەرگای بانکەکانیان بۆتە دەروازەی سەنگەری شەر، هەموو زانیاری و تەکنیکەکانی دەسکەوتی کاری کرێگرتەی مرۆڤ و هەموو ئینفۆرماشێنەکانیش خەریکە جەنگێکی نوێ و مۆدێرنی پێ بەدەست دەهێندرێت، لە هەمووی مەترسیدارتر بۆ چەسپاندنی شەر و رژانی خوێن و کاولکاری و تێکدانی جیهان و سەر زەووی و ژیانی مرۆڤ، **میدیاکانن**. چاوی کامیرەی تیڤی و ووردبینەکانی مەداری زەوییش هەر ئیستا ئامادەی راپۆرتی وویرانکارییەکانن. مێژەلۆگەکانیش هاووشانی ژوورنالیستەکان هەواڵی ئاوهەوا و پلەی گەرمی و ساردیان لە پێناووی جەنگێکی باشتر و بەکارتردا دەوێت. . . جیهانی بە میلیتاریزەکراو، جیهانی کۆمەڵێك لە دەسەلاتدارانی گەورەو بچووکی مۆدێرنیزم و دیکتاتۆر و کۆنەپارێز. . . ، ی سەر بە یەك چین و یەك تایپن، و شەر و خوێن رشتنیش خاڵی هاووبەشیانە بۆ لەسەرپێ راوەستانی دەسەلات و دەولەتەکانیان. . . . بەڵام:

جیهانێکی تر کە ئاوات و ئارەزووی بەشێکی هەرە زۆری مرۆڤی سەر زەوەوییە، جیهانی بێ میلیتاریزمی هەر ئەمرۆیە.

وویژدان و ئارەزووی مرۆڤ بۆ جیهانێکی خۆش و باشتریش خاڵی لێك گەشتنی هەموو مرۆڤایەتییە هەر لە باکور تا باشوور و رۆژهەلات تا رۆژئاوای سەر زەوی. بۆیە هەموو سنوورە تەلبەنکراوەکان، ئایینە ژەهراوویەکان و گۆماوە بۆگەنەکانی نەتەوایەتی و نەژادپەرستی، ناتوانن رێگا لە هاوکاری و هاتنەمەیدانی مرۆڤ بگرن و نەهێلن مرۆڤ بیر لە جیهانی بێ میلیتاریزم بکاتەوە، نەهێلن مرۆڤ بەرەو رووی میلیتاریزم و دیکتاتۆریەت بێتەوە. سانسۆرو ژۆرنالیستەکان و ئینفرماشیۆنە ملهورەکانیش لەم جیهانەدا بێمانان و ناتوان رێگا لە ژیانێکی خۆش و دنیایەکی باشتر، بگرن.

چارەنووسی سەرزەووی گەر بەوویرانکراوویش بێت، گەر بە کەم نان کرا و بەکەم ئاو کراوویش بێت، گەر بە ژوهراووی کراوویش بێت، چارەنووسەکەی هەر مرۆڤی بە وویژدان و یەکسانیخواز و ئازاد، ئەتوانێت بێ میلیتاریزم و بێ دەسەلات و بێ دیکتاتۆریەتی کات. . . . بەڵام:

هەر ئەمرۆ ئەم جیهانە دەکرێت نەهێلدرێت بەرەوو کاولکاری و برسیەتی ببرێت، تارمایی ئەم دەکرێتە، لە تارمایی شەر بە هێزترە و لەوە زیاتر دەسەلاتداران و میدیابۆگەنەکانیشیان ناتوانن ترسی ئەم دەکرێتە رانەگەیەنن. بزووتنەوەی دژی شەر و دژی میلیتاریزم و دژی دیکتاتۆریەتی گەور و بچووك لە هەموو کاتێك بەهێزترە، ئەم هێزە لە هیوای خەلك، تەنها ئەتوانێ نەخێر بۆ جەنگ و بەڵێ بۆ ئازادی ئاسوودەیی مرۆڤ بکات.

07 February 2003

تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت..... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org